# مێژووی فەرهەنگنووسی کوردی لە سوید
# ئامانج، سەرچاوە، جۆر، کۆمەک

نەوزاد عەلی ئەحمەد
راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان

## پێشەکی

**سەرەتا؛**

زیاتر لە نیو سەدەیە کورد ئاشنا بووە بە ژیانی تاراوگە،( Rohat alakom, 2007 ل٨ )، سەرەتا تەنیا رووی لە چەند وڵاتێک کردووە، بەڵام ئێستا لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا و چەندان وڵاتی تر بڵاوبوونەتەوە. کۆچی کورد بۆ دەرەوە سەرەتا بە شێوەی تاک بووە و زیاتریش بە مەبەستی خوێندن و بڕوانامەی بەرز چۆتە دەرەوە، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٥ ئەو کۆچە شێوە گروپی وەرگرتووە و هۆکاری سەرەکیش سیاسی و ئابووری بووە( نەوزاد عەلی ئەحمەد، دەنگدان لە دەرەوە ٢٠١٥، ل١٠).

ئەگەرچی تا ئێستاش کورد نەیتوانیوە ببێت بە لۆبی، بەڵام بەردەوام بووە لەسەر گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەی بە رایگشتی و ناوەندەکانی بڕیاردان، راگەیاندن و خۆپیشاندان و رێپێوان و مانگرتن چوار هۆکار بوون بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە.

فێربوونی زمان فاکتەرێکی خێرا بووە بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانە و گۆڕینەوەی بیروڕا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا. هەربۆیە سەرەڕای چاپ و بڵاوکردنەوەی هەزاران بڵاوکراوە، رۆژنامە، گۆڤار، بەیاننامە، بانگەواز و کتێب بە دەیان زمانی جیاواز، بیر لە وەرگێڕان و ئامادەکردنی فەرهەنگی زمان کراوەتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سوید کەوتۆتە باکووری ئەوروپا، هەر زوو ئاشنابووە بە کۆچبەری کورد، ئێستا هەزاران کورد لەو وڵاتەدا دەژین، کە بە ڕێژەیەکی باش تێکەڵاو بەو کۆمەڵگایە بوونە، دەخوێنن، کار دەکەن، بەرهەمیان هەیە و لەگەڵ سیستەمی بازاڕی وڵاتەکە راهاتوون. لە پێناوی کارئاسانی و باشتر تیکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵگای سویدیدا، بە چەندان هۆکار خۆیان گونجاندووە. لە چەندان ویستگەدا، لە بواری خوێندن، نەخۆشخانە، دادگا و بازاڕی کار پێویستیان بە فەرهەنگ هەبووە، تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ فەرهەنگ چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

**گیروگرفت**

یەکێک لەو نووسەرانەی کە فەرهەنگێکی سویدی- کوردی ئامادە کردووە لە وەڵامی پرسیارێکمدا نووسیویەتی: " زۆر بەداخەوە، نە فەرهەنگەکەم لاماوە نە پێ دێ ئێفەکەی. تا ئێستا چەند کەس داوای کردووە، بەڵام کارێکی زۆری دەوێ بۆ ئامادەکردنەوەی. سەلاح ڕێبوار، چاوپێکەوتن، ڕۆژی ٢٠١٨/٢/٧" لێرەدا مەبەستمە بڵێم گرفتی سەرەکی لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ نووسینی ئەم بابەتە وەدەستخستنی کەرەستەی خاوی نووسینەکە بووە کە خودی فەرهەنگەکان بوون، هەوڵێکی زۆرم دا تا زۆرترینم لێ بەدەستخستن، سێ دانەشم لە ڕێگای ماڵپەڕی کتێبخانەی دەوڵەتی لە ستۆکهۆڵم سەیرکردن و زانیاری پێویستم لێوەرگرتن.

**میتۆد و مەبەست**

بۆ کارێکی لەوجۆرە، کە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی مێژووی بوارێکە لە بوارەکانی زانستی مرۆڤایەتی و پاشان پۆلێن و نووسین سەبارەت بە جۆر و شێوەی کارکردنەکە، بە بۆچوونی من باشترین و گونجاوترین ڕێگا و میتۆد بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی لەوجۆرە داڕشتنی هێڵە گشتییەکانە لەسەر میتۆدی وەسف- مێژوو، واتە دۆزینەوەی دەستپێکی مێژوو، ئینجا وەسفکردنی کەرەستەکان.

بۆ باشتر کارکردن لەسەر ئەو هێڵانە و گەیشتنە ئەنجامێکی زانستی پێویستە کاری لەو جۆرە لەسەر پلانێکی ئەکادیمی بەڕێوەبچێت، ئەم کارەش دابەشی دوو بەش کراوە، لە هەر یەکێک لەو دوو بەشەدا لەژێر چەندان ناونیشانی جیاواز تەوەرە گرێدراوەکان دەوڵەمەند کراون بە زانیاری و بەڵگەی پێویستی پشت بەستوو بە سەرچاوە.

بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ مێژووی تاراوگەنشینی کورد لە سوید و کارکردن لە بواری ئەدەبیات و چاپەمەنی کوردی و سویدی لە پێناوی تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا و لەو چوارچێوەیەشدا باس لە فەرهەنگنووسی کوردی کراوە.

بەشی دووەم هەڵوەستەکردنە لەسەر ئامانج، جۆر و ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئامادەکردن یاخود نووسینی فەرهەنگەکان سوودیان لێوەرگیراوە، ئەمە و بە کورتیش باس لە سیاسەتی کۆمەکی کولتوری لە وڵاتی سوید کراوە، کە ئایا کورد لەو کۆمەکە سوودمەند بووە؟

**پێش کۆتایی؛**

وەک هەر کارێکی زانستی لە کۆتایی بابەتەکەدا، سەرەڕای ریزبەندکردنی ئەو سەرچاوانەی لەم بابەتەدا وەک ژێدەر سوودیان لێوەرگیراوە، ئەنجام و ڕاسپاردەکان نووسراون، هەروەها


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کورتەی بابەت بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی هاوپێچ کراوە. هەروەها پێویستە سوپاسی هەر یەکێک لە نەوزاد هروری بەڕێوەبەری کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، سەلاح ڕێبوار، ڕوناک شوانی، ئیدریس ئیبراهیم و سیروان کاروانی بکەم، کە هاوکارییان کردم بە ناردنی کورتەی زانیاری سەبارەت بە چوار فەرهەنگ. هەروەها پێویستە سوپاسی عەلی عوسمان یەعقوب و یاسین حوسێن بکەم، کە کورتەی بابەتەکەیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگێڕا.

## بەشی یەکەم
## کورد لە سوید

### کۆچ بۆ سوید

سوید Sverige، یەکێکە لە وڵاتەکانی ئەسکەندەناڤیا و کەوتۆتە باکووری ئەوروپا. لەگەڵ نۆ وڵاتدا هاوسنوورە، ڕووبەرەکەی ٢٩٥،٤٥٠ کیلۆمەتر دووجایە و بەمە دەبێت بە سێیەم وڵاتی ئەوروپی لە باری ڕووبەردا wikipedia.org/wiki/History_of_Sweden) ئەمساڵ ژمارەی دانیشتوانی بوو بە ١٠ ملیۆن کەس(scb.se). لە سەدەی هەڤدەهەمدا ئیمپراتۆریەتی سوید قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی فراوان کرد، تا لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدەدا بوو بە بەهێزترین دەسەڵات لە باکووری ئەوروپادا. دوا جەنگ کە کردوویەتی ساڵی ١٨١٤ بووە کە نەرویجی ملکەچ کرد، لە ساڵی ١٩٠٥- ەوە تا ئەمڕۆ بێلایەنی خۆی پاراستووە لە کاتی ڕوودانی جەنگدا هەم لە ئەوروپا هەم لە جیهاندا. سیستەمی دەسەڵات لە وڵاتەکەدا پاشایەتی پەرلەمانی دەستوورییە ( دەربارەی سوید،٢٠١٥ ل٦-١٢)، ئابوورییەکی بەهێزی هەیە.

دەستووری وڵاتەکە لەسەر چوار بنەمای سەرەکی داڕێژراوە، یەکێک لە بنەماکان ئازادی بیرورا و ئازادی چاپەمەنییە، لەگەڵ ڕێزگرتن لە ئاین و نەتەوەی جیاواز لە وڵاتەکەدا.

لە سەرچاوە کۆنەکانی سویددا بە چەندان جۆر و شێوە ناوی کورد Rohat Alakom, Dîroka 2016 ل١٦) هاتووە، بە تایبەتیش لەو ڕۆژگارانەی کە جەردەی دەریایی بەشێکی دیار بوون لە پێکهاتەی دانیشتوانی وڵاتەکە. بەڵام وەک بەڵگەی بەڵگەنەویست لە دوای سییەکانی سەدەی ڕابردوو چەند کەسایەتییەکی وەک شەریف خەندان و محەمەد ئەمین زەکی بەگ بە فەرمی سەردانی سوێدیان کردووە، لەگەڵ چەندان کوردی تر. بۆ نموونە سەلاحەددین ڕاستگەلدی ساڵی ١٩٤٧ وەک یەکەمین خوێندکاری کورد لە پەیمانگای کارۆلینسکای زانستی دەرمان خوێندوویەتیو پاشان بۆتە پزیشکو لە چەندان نەخۆشخانەی ستۆکهۆڵم کاری کردووەو عیادەی شەخسیشی هەبووە. ساڵی ١٩٦٥ لەسەر دەستی چەند کوردێکدا یەکەمین ڕێکخراوی کوردی بەناوی ڕێکخراوی کۆچبەرانی کورد،( ل٢١ Rohat alakom, 2007 ) لە سوید دامەزراوە، هەروەها ساڵی ١٩٦٦ یەکەمین هەماهەنگی نێوان کورد و سویدییەکان درووست بووە کۆمیتەی سویدی- کورد ڕاگەیەنراوە، ئەمە و بەهۆی زۆربوونی ژمارەی کورد لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وڵاتەکەدا ساڵی ١٩٧١ کامەران بەدرخان چۆتە سوید و کۆرسی فێربوونی نووسینی کوردی کردۆتەوە( Dagensnyheter 28/8/1971 ).

دوای شکستی خەباتی چەکداری خەڵکی کوردستان لە باشوور ١٩٧٥و هەروەها کودەتای میلیتاریی لە تورکیادا١٩٨٠ ژمارەی کورد لە سوید رووی لە زیاد بوون کردووە، لەو رۆژگارەوە کۆچی بە کۆمەڵ بۆ وڵاتەکە دەستی پێکردووە. هەر لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو رۆژنامە بەناوبانگەکانی سوید گرنگیان بە دۆزی کورد داوە( Svenskadagbladet 28/5/1966 )

ئەمەو بە گوێرەی رووداوەکان ژمارە و رێژەی کۆچی کورد بۆ وڵاتی سوید کەم و زیاد بووە، تائەمڕۆش ئەو کۆچە بەردەوامە. هۆکارەکانی ( نەوزاد عەلی ئەحمەد، دەنگدان لە دەرەوە، لە ٢٠١٥، ل٨-١٠)، کۆچکردنی کورد بۆ وڵاتی سوید زۆرن وا بە کورتی ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکان دەدەم:

١- خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز.

٢- بەردەوام بوونی سیاسەتی بە تورککردن و بە عەرەبکردن و پاوانخوازی لە ئێراندا.

٣- پیڕەوکردن و داڕشتنی پیلانی جینۆسایدکردن.

٤- هەژاری و دۆخی ناهەمواری ئابووری.

٥- سیاسەتی راوەدوونان و دەستگیرکردن و زیندانی کردن و کوشتن و سیاسەتی رەشبگیری بەدەر لە یاسا و بەها مرۆڤایەتییەکان.

٦- جەنگی گەورە و شەڕ و ئاژاوە.

٧- شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە کورد و کوردستانییەکان.

**بزاڤی چاپەمەنی کوردی لە سوید**

ئەوەندەی تا ئێستا بۆم ساغ بۆتەوە هەر لە دوای ساڵی ١٩٦٢ ئەو چەند کوردەی لە سوید دەژیان، بۆ پشتیوانیکردن لە خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا دەستیان بە جارێکی تر چاپکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی پێشمەرگە کردووە کە لە کوردستان دەردەچوون، ئەگەرچی هەر زوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا( نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان، ٢٠١٣) لە سویدیش لقی خۆی کردۆتەوە، ئەوانیش بۆ گەیاندنی پەیامی رێکخراوەکەیان و پشتگیری کردن لە خەباتی خەڵکی باشووری کوردستان بەیاننامە و درووشمیان بە زمانی سویدی و کوردی بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر تا ئەو کاتە ژمارەی چاپەمەنی کوردی زۆر بەرچاو نەبوبێت، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٧٥ بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٧٦- ەوە رۆژنامەگەریی کوردی لە سوید وردە وردە خۆی ناساند و بەم شەش زمانە بابەتیان بڵاوکردۆتەوە؛ کوردی، ئینگلیزی، سویدی، عەرەبی، تورکی، فارسی.

ساڵی ١٩٨٠ دەبێت بە سەرەتایەکی رۆشن بە چاپەمەنی کوردی لە وڵاتی سوید، چاپەمەنییەکان چەندان جۆرن؛ کتێب، شێوەرۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوە، بەیاننامە و وێنە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زانیاری سەرەتایی دەریدەخات تا ساڵی ٢٠٠٠ زیاتر١٠٠ گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوە لە سوید دەرچوونە، لەو ژمارەیەدا ٨٢ بە زمانی کوردی،٣٠ بە زمانی کوردی و تورکی،٥ بە زمانی کوردیو عەرەبی،٥ بە زمانی کوردیو سویدی،١٩ تەنیا بە زمانی سویدی چاپو بڵاوکراونەتەوە، یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لە شێوە رۆژنامەدا ساڵی ١٩٧٥ لە سویدا چاپو بڵاوکراوەتەوە، ئەمەو چەندان رادیۆی لۆکاڵی کوردی هەبوون کە هەفتانە یەک رۆژ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەرنامەکانیان بڵاوکردۆتەوە بە تایبەتیش لە شارەکانی ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری، مالمیۆ(کوردستانی نوێ ( رۆژنامە)، رۆژی ٢٠٠٧/٩/١٢، لاپەڕە١١).

بۆ زانیاری ئەمە ناوی چەند گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەیەکە کە لە ساڵی١٩٨٠ تا ١٩٩٠ لە سوید چاپ و بڵاوکراونەتەوە:

کولیلک، منداڵان ١٩٨٠، هێڤی، منداڵان ١٩٨١، هێلین، منداڵان، ١٩٨٢، بەربانگ ١٩٨٢، بەرخوەدان، ١٩٨٣، نیشتمان ١٩٨٣، ئاشتی، ١٩٨٣، تریسکە، ١٩٨٣، نیو پێشمەرگە ١٩٨٣، پیشڕەو،١٩٨٤،رێناسی،١٩٨٤،سڤێندک- کوردیسک جۆنال بە زمانی سویدی ١٩٨٥، مامۆستای کورد١٩٨٥، زەنگڵ گاڵتەئامێز ١٩٨٥، میرکوت گاڵتەئامێز ١٩٨٥، ئیسۆت، گاڵتەئامێز١٩٨٥، دەنگ ١٩٨٥، راستی ١٩٨٦، چوارچرا ١٩٨٦، سەردەمی نوێ ١٩٨٦، شانۆ ١٩٨٦، ئاڵا ١٩٨٦، کوردستانپرێس ١٩٨٦، هێڤیاگەل١٩٨٦، نەورۆز ١٩٨٦، ذ نیوس تایم١٩٨٧، بەرهەم ١٩٨٧، دەموکرات ١٩٨٨، پیا١٩٨٨، کۆچەر منداڵانە ١٩٨٨، گۆڤاری کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان ١٩٨٨، تەڤگەر ١٩٨٩، دەنگی یانە ١٩٨٩، بەرگەە ١٩٨٩،کۆمار ١٩٩٠، بۆڵتنا کۆمار،١٩٩٠، کورد١٩٩٠، کوردەناس ڤێنەر سڤاریا، ١٩٩٠.

ئەم بزاڤە تا سەرەتاکانی ئەم سەدەیە بەردەوام بووە بە تایبەتیش تا بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و داپۆشینی جیهان بە دوا پێشکەوتنەکانی ئەلکترۆنیات. هەروەها ئاشنابوونی کورد بە ئامێری تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کاریگەریی لەو بزاڤە کرد و وردە وردە خۆری رۆژنامەگەریی کاغەزیی لە دەرەوە بە تایبەتیش لە سوید بەرەو ئاوابوون چوو!

بەڵام چاپکردنی کتێب و چاپەمەنی تر وەک وێنە و ڤۆڵدەر و درووشم، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو سەرەتای گرتووە و لە ساڵی ١٩٨٠ تا بەئەمڕۆ دەگات سەدان کتێبی کوردی لە سوید چاپکراون بەڵکو ژمارەکە زۆرتریشە. لە وڵاتەکەدا چەندان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی وەک گەلی کوردستان، سارا، فەرهاد، هەنگاوی نوێ، ئاپێک، هەرزان، ژینانوو، رەوشەن، ئەرکی نوێ... هتد هەبووە و چەند دانەیەکیان تا ئێستاش ماوب، کتێبەکان بریتین لە مێژوو، شیعر، بیرەوەری، چیرۆک، سیاسی، ئەدەبیاتی حزبەکان، شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان، ناوی منداڵانی کورد، شانۆ و شانۆگەریی، فەرهەنگ[1].

[1] – بۆ زانیاری زیاتر بەو کتێبانە دەتوانرێت لە رێگای ئینتەرنێت سەیری ئەم دوو ماڵپەڕە بکرێت" کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم kurdlib.org کتێبخانەی دەوڵەتی لە ستۆکهۆڵم، biblioteket.stockholm.se


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**کورد و فەرهەنگنووسین؟**

فەرهەنگ یان قامووس بە ئینگلیزی Dictionary بە سویدی Lexikon بە کۆمەڵە وشەی زمانێک یان چەند زمان دەوترێت کە بە ڕیزی پیتەکانی ئەلفوبێ لە دوای یەک هاتوون و بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری، واتا، شێوازی خوێندنەوە، وەرگێڕان و هتد بەکاردێت.

کۆنترین فەرهەنگ کە تا ئێستا دۆزراوەتەوە لەسەر بەردێکدا نووسراوە و هی ٢٣٠٠ ساڵ پێش زایینە کە فەرهەنگێکی ئەکەدی- سوومەرییە.

یەکەم فەرهەنگی کوردی فەرهەنگی نووبهارە کە لە ساڵی ١٦٨٣ی زایینی لە لایەن ئەحمەدی خانییەوە نووسراوە. ئەم فەرهەنگە لەبەرگرەوەی نزیکەی ٦ هەزار وشەیە و بە شێوەی قەسیدە و هەر قەسیدەیەکیشی لەسەر کێشێکە. فەرهەنگی نەوبەهار فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردییە و بۆ یەکەمجار لە لایەن «یوسف ضیاءالدین پاشا الخالدی المقدسی» لە پاشکۆی «الهدیة الحمیدیة فی الغة الکردیة»دا لە ١٨٩٢ لە ئەستەمبۆڵ چاپ کراوە. هەر لە سەرەتاکانی فەرهەنگنووسی کوردیدا نابێت فەرهەنگی ئەحمەدی لە بیر بکرێت کە شێخ مەعروفی نۆدێ ساڵی ١٧٩٥ نووسیویەتی و ساڵی ١٩٣٦ دووجار چاپکراوە، پێش ئەمەش ساڵی ١٩٣٤ شاکر فەتاح لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە ڕەواندز فەرهەنگێکی چاپ کردووە. دوای ئەمە کارەکانی گیوموکریانی و مەردۆخ و شێخ محەمەدی خاڵ دێن، ئینجا کورد و ڕۆژهەڵاتناسەکانی سۆڤیەت نابێت فەرامۆش بکرێن، لە پۆلێنکردنەکەدا دەبێت شوێنێکی شایستە بۆ فەرهەنگەکەی تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنز ئا. ژابا و جگەرخوێن تەرخان بکرێن. هەروەها عەلائەدین سەججادی، عیزەدین مستەفا رەسول، جەمال نەبەز، عەبدولقادر بەرزنجی، مەعروف قەرەداغی، عەبدولرەحمان زەبیحی لەگەڵ دەیان ناو لەو بوارەدا بەرهەمیان هەیە( سوود لەم کتێبە وەرگیراوە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لە بواری فەرهەنگ نوسیی کوردیدا، ١٩٨٧). ئەمەو پێویستە ئاماژەش بەوە بدرێت لە ڕۆژگاری خەباتی چەکداری کوردیەتیدا، بۆ یەکەمینجار لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فەرهەنگێک بەناونشانی" فەرهەنگی سیاسی" لە نووسینی ئیبراهیم جەلال چاپکراوە(  نەوزاد عەلی ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای کتێبی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ٢٠١٢، ل٨٩)

"یەکەم فەرهەنگی کوردی کە لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە نووسرابێ ئەو فەرهەنگە ئیتالی کوردییەیە کە قەشەی ئیتالی ماوریزۆ گارزۆنی لە ساڵی ١٧٨٧دا لە ڕۆما لە پاشکۆی ئەو کتێبەیدا کە لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسیوێتی و بڵاوی کردۆتەوە(ئەورەحمانی حاجی مارف، لەبارەی  فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، ١٩٨٧، ل١٠٣)


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## بزاڤی فەرهەنگنووسی کوردی لە سوید

بە گوێرەی دەستوور و یاسا لە وڵاتی سوید هەموو کەسێک دەتوانێت مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات. بەگوێرەی سەرژمێرییەکی نافەرمی ژمارەی کوردی دانیشتووی سوید لە ۱۰۰ هەزار کەس تێپەڕی کردووە. هەر کەسێک روو لە وڵاتەکە بکات بە مەبەستی کارکردن، یاخود داوای مافی مانەوە بکات، دەبێت سەرەتا دەست بە خوێندنی سەرەتایی " ئەسەفی" بکات. بۆ کارئاسانی خوێندن و باشتر تێگەیشتن و فێربوون، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی کورد لە وڵاتەکەدا، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا چەند کەسێک وەک دەستپێشخەری بیریان لە دانان و وەرگێڕانی فەرهەنگ لە زمانی سویدی بۆ زمانی کوردی کردۆتەوە. ئەمەو پێویستە ئاماژەش بەوە بدرێت، کە فەرهەنگەکان بە جیا بە پیتی لاتینی" ئەو ئەلفابێیەی لە باکووری کوردستان بەکاردەهێنرێت" و پیتی ئارامی " ئەو پیتەی لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەکاردەهێنرێن" ئامادە و چاپکراون. ئەو فەرهەنگانە هەر تەنیا وەرگێڕان نین لە زمانی سویدی بۆ کوردی، بەڵکو فەرهەنگ هەیە دانانە بە سوود وەرگرتن لە چەند فەرهەنگ کە وەک سەرچاوە سوودیان لێوەرگیراوە، ئەمە و فەرهەنگەکان هەر تەنیا سویدی- کوردی نین، بەڵکو کوردی- سویدیشن.

ئەگەرچی زۆر پێش ئەو مێژووە کوردی دانیشتووی سوید دەستی بە ئامادەکردن، وەرگێڕانی وتار، دەقی سویدی بۆ کوردی کردووە، بە تایبەتیش لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، بەڵام وەک کاری فەرهەنگنووسی کوردی لە ساڵی ۱۹۸۵ یەکەمین فەرهەنگی سویدی- کوردی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەو بزاڤە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا زیاتر پەرەی سەندووە و لە سەرەتاکانی دووهەزاریش تا بە ئەمڕۆ دەگات کار بۆ دانان و وەرگێڕانی فەرهەنگنووسی تایبەتمەند کراوەو لەو بوارەشدا چەند بەرهەمێک چاپکراون.

هەروەها گرنگتر لەو خاڵ و زانیارییانەی پێشەوە، هەر لە ساڵی ۲۰۰٦ بۆ یەکەمینجار فەرهەنگی کوردی خراوەتە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پاشان وەک ئەپێک خراوەتە سەر مۆبایل تەلەفۆنیش، لە رێگای ئەم ماڵپەڕە دەتوانرێت راستەوخۆ و بە شێوەیەکی خێرا فەرهەنگی سویدی- کوردی بەکاربهێنرێت http://lexin.nada.kth.se/lexin

## فەرهەنگەکان

بە گوێرەی سۆراغ و گەڕان و پشکنینی، ئەم چەند فەرهەنگە سویدی- کوردی یاخود کوردی- سویدییەم دەستکەوتووە، کە لە سوید چاپکراون، ئەم فەرهەنگانە وەک چۆن بەشێکن لە مێژووی فەرهەنگنووسی سویدی، بە هەمان شێوە بەشێکیشین لە مێژووی فەرهەنگنووسی کوردی. ئەم فەرهەنگانە لە باری چاپ و دیزایندا بە پێشکەوتووترین چاپخانە چاپکراون، تەنیا دوو فەرهەنگەکەی دەستپێک نەبن، بە تایپی دەستی تایپکراون پاشان بە ئامێری فۆتۆکۆپی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دانەیان لەبیرگیراوەتەوە، ئەگەرنا ئەوانی تر زۆربەیان لەگەڵ چاپی فەرهەنگە سویدییەکان جیاواز نین و لە هەمان ئاستدان. قەبارەیان جیاوازە، فەرهەنگ هەیە چەند جارێک چاپکراوەتەوە، ئەمە ئیندێکسی زۆربەی فەرهەنگەکانە کە کارم لەسەریان کردووە:

١- سەلام عەبدوڵڵا، فەرهەنگۆکی سویدی- کوردی،(مۆل ١ و ٢)، سوید ١٩٨٥، ٧١ لاپەڕە.

Salam Abdullah, Svensk- kurdis ordlist, Mal 1-1- 1, Sverige 1985, 71s.

٢- سەلاح ڕێبوار، فەرهەنگی سوێدی- کوردی، چاپی یەکەم ١٩٨٦، چاپی دووەم ١٩٨٩، سوید، ٢٨٩ لاپەڕە.

Salah Rebwar, Svensk-Kurdisk, Sverige, 1989, 289s.

٣- فەرهەنگی نەخۆشی، سویدی- کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨

î : Svensk - kurdisk basordlista = swêdî - rdssterminologi = ferhengoka nexweـSjukv kurdî. Stockholm :(1988). Kurdish (Kurmancî)

٤- فەرهەنگا سوێدی- کوردی ( کورمانجی)، رەشۆ زیلان ( وەرگێڕان)، سوێد ١٩٨٩، ٣١١ لاپەرە.

Reso Zilan, Svensk-kurdiskt lexikon (nordkurdiska), Sverige, 1989, 311s

٥- فەرهەنگی یاسایی " هقوقی"، سویدی- کوردی، ئوپسالا- سوید ١٩٩٠، ١٩ لاپەڕە.

Juridisk terminologi = Ferhengoka hiqûkî : Svensk-kurdisk basordlista = Swêdî - .kurdî. Uppsala : , (1990). Kurdish (Kurmancî) 19 p

٦- فەرهەنگی سویدی- کوردی، حەسەن قازی، هیوا کاردۆیی( وەرگێڕان)، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ٣٠٩ لاپەڕە+ ٦٤ نیگار و وێنە.

Hassan Ghazi, Kewa Cardoi, Svensk- kurdiskt lexicon, Sverige 1992, 309s med bilder.

٧- مژدە خەلیل رەشید، فەرهەنگی کوردی- سویدی، سوید ١٩٩٤، ٣٢٦ لاپەڕە.

Mujde K Rashid, Kurdisk-svensk ordbok, Sveriga, 1994, 226s.

٨- فەرهەنگی بازاڕی کار، سویدی- کوردی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Arbetsmarknadsterminologi = Ferhengoka bazara kar : Svensk - kurdisk basordlista = swêdî - kurdî. Stockholm : , (1994). Kurdish (Kurmancî)

٩- فەرهەنگی سویدیی- کوردی بۆ پەنابەر و کۆچکەران، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، ٦٥ لاپەڕە.

Svensk-sydkurdisk ordlista : med termer inom invandrar-, flykting- och det sociala .det. Stockholm : Eqvator, 1997. Kurdish (Soranî) 65 p.omr

١٠- مژدە خەلیل رەشید، فەرهەنگی پزیشکی سویدی- کوردی، سوید ١٩٩٧، ٢٥٣ لاپەڕە.

Mujde K Rashid, Svensk- Kurdiskt lakar lexicon, Sverige, 1997, 253s.

١١- سەیوان کەمبەر، پەندی کوردی فەیلی، وەرگێڕانی بۆ سویدی لەسەر شێوەی فەرهەنگ رێکخراوە.١٩٩٨، ٢٥٢ لاپەڕە.

Svenska- Kurdiska, ordsprak, Sverige, 1998, 252s.

١٢- دڵشاد عەبدولرەحمان، فەرهەنگ بۆ وەرگێڕان، سوید، ١٩٩٨، ٣٥٦ لاپەڕە.

r tolkar : svenska-kurdiska / trans.: Abdulrahman Dilshad. Stockholm : Ordlista fo .rbund, 1998. Kurdish (Soranî) 356sKurdistan Folkf

١٣- عەلی لەبریز و حەسیب رۆژبەیانی، فەرهەنگی پزیشکی سویدی- کوردی، سوید ١٩٩٩، ٩٨ لاپەڕە.

١٤- مژدە خەلیل رەشید، فەرهەنگی سویدی- کوردی، سوید ٢٠٠١، ٤١٤ لاپەڕە.

Mujde K Rashid, Svensk- kurdiska ordbok, Sverige, 2001, 414s.

١٥- مژدە خەلیل رەشید، کوردی- سویدی( فەرهەنگی گیرفان)، سوید ٢٠٠٥، .... لاپەڕە.

Mujde K Rashid, Svensk- kurdiska,Fickordbok, Sverige, 2005, ....s.

١٦- مەحموود لەوەندی، مستەفا ئایدۆگان، ڤیلدان تارینکولو( وەرگێڕان)، فەرهەنگا سویدی- کوردی ( کوردی سەروو)، سوید٢٠٠٦. ١٠٠٧ لاپەڕە+٦٥ وێنە و نەخشە.

Svensk-Kurdiskt lexikon (Nordkurdiska) = Ferhenga Swêdî-Kurdî (Kurmancî) / trans.: r Vildan Tanrikulu, Mustafa Aydogan, Mahmut Lewendî. [Stockholm] : Myndigheten f .skolutveckling, 2006. Kurdish (Kurmancî) 1007 + 65 p


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٧- ڕێبوار ڕەشید "داودی" ( وەرگێران)، فەرهەنگی سویدی- کوردی ( کوردی خواروو)، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٧، ١١٨٤ لاپەڕە. لەگەڵ ٦٦ لاپەڕە لە وێنە و نەخشە.

Svensk-Kurdiskt lexicon( Sydkurdiska), Sverige, 2007, 1184s, med bilder och kartor.

١٨- ئاسی ڕەباتی، لیستەواژەی قانونیی سوێدی- کوردی، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٦

١٩- خەبات عارف، فەرهەنگی کوردی- سویدی، ستۆکهۆڵم، ٠٠٧، ٢٤٥ لاپەڕە.

Kurdisk-svensk ordbok = Ferrhengî kurdî-swêdî / Xebat Marouf. Stockholm : Aura, .2007. Kurdish (Soranî) 245 p

٢٠- فەرهەنگی وێنەیی دوو زمانی گیانەوەران بۆ منداڵان

Svenska- Kurdiska Bilduppslagsbok med djur for tvasprakiga barn

٢١- عەدنان ئەلقەس ئەلیاس، فەرهەنگی سوێدی-عەرەبی- کوردی ( کرمانجی، سۆرانی)

٢٢- سەیوان کەمبەر، فەرهەنگی سویدی- فەیلی " کوردی"

Saiwan Kamber, Utvalda Svenska verb oversatta till Feyli Kurdiska

٢٣- سەیوان کەمبەر، پەندی کوردی، وەرگێرانی بۆ سویدی لەسەر شێوەی فەرهەنگ ڕێکخراوە.

Saiwan Kamber, Kurdiska ordsprak

٢٤- هاتجە پۆلات، گوتنێن من ئێن پێشین، فەرهەنگا بچووکان

Hatice Polat, Gotinen min en pesin, Ferhenga bicukan


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# بەشی دووەم
# ئامانج، جۆر، سەرچاوە، کۆمەک

## ئامانج

بۆ ئەوەی بزانرێت ئامانج لە دەرکردنی ئەو فەرهەنگانە چییە، کە لە وڵاتێک دەردەچێت هەزاران کیلۆمەتر لە کوردستانەوە دوورە، باشترین بەڵگە گواستنەوەی چەند پەرەگرافێکە لەو سەرەتاو پێشەکییانەی بۆ فەرهەنگەکان نووسراوە: "ئەم فەرهەنگۆکە بچکۆلانەیەی لەبەردەستدایە تایبەتە بە کتێبی2-1 Mal کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا- بۆ گەورە- بە تایبەت بۆ بێگانە- بەکارئەهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فەرهەنگۆکە تایبەتە بۆ ئەو کتێبە، ئەتوانرێ لە لایەن هەر کەسیکی ترەوە کە تازە ئاشنای زمانی سویدی ئەبێ بەکاربهێنرێ- سەلام عەبدوڵڵا ، فەرهەنگۆکی سویدی- کوردی، ١٩٨٥، ل٤"، هەروەها نووسەری ئەم فەرهەنگەش بەم شێوەیە باس لەو ئامانجەی دەکات کە فەرهەنگەکەی بۆ نووسیوە:" ئەو کوردانەی روویان دەکردە سوێد بۆ فێربوونی زمانی سوێدی بە ناچاری لە مابەینی زمانی عەرەبی، تورکی و فارسی هەڵبژێرن بۆ بەکارهێنانی فەرهەنگ، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەیان لەو زمانانە بە باشی سەریان دەرنەدەکرد تووشی گیروگرفت دەبوون. جا لەبەر ئەو کەلێنە گەورەیە من بەرپرسیاری ئامادەکردنی ئەو فەرهەنگەم گرتە ئەستۆ/ سەلاح ڕێبوار، فەرهەنگی سوێدی- کوردی ١٩٨٩، ل٤". کاری ئەم فەرهەنگە پێچەوانەیە، لە کوردی بۆ سویدییە، هەر بۆیە نووسەرەکەی بەم شێوەیە مەبەستەکەی بەیان دەکات:" یەکێ لەو گیروگرفتانەی کە پەنابەری کورد لە وڵاتی سوید تووشی دەبێ کاتێ کە دەیەوێ فێری زمانی سویدی ببێ نەبوونی فەرهەنگی لە نێوان کوردی و سویدی دا/-مژدە خەلیل رەشید، ١٩٩٨، ل٣". ئەم نووسەرە فەرهەنگ وەک ئامراز دەناسێنێت:" ئەرکی یەکەمی ئەم فەرهەنگە کە پێی دەگووترێت- سوێدیی- کوردی خواروو هەروەک هەموو فەرهەنگەکانی دیکەی لێکسین ئەوەیە کە فێربوونی زمانی سوێدیی بۆ کۆچکردووانی کورد لە سوێد هاسانتر بکات و وەک ئامرازێکی فێرکردن و قووڵبوونەوە بۆ زمانی سوێدی دەبینرێت/-رێبوار رەشید ، ٢٠٠٧،ل xiv". یەکێک لەو فەرهەنگانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لە لیستی فەرهەنگە کوردییەکان پۆلێن کراون، لە تەواوی فەرهەنگەکانی تر جیاوازترە، کە تایبەتە بە شێوەزاری فەیلی، نووسەرەی دەڵێت: " بۆ ئەوانەی ئارەزوویانە زانیاری زیاتر سەبارەت بە زمانی دایکیان بزانن- سەیوان کەمبەر، فەرهەنگی پەندی کوردی فەیلی،.١٩٩٨، ل٣".

**جۆری فەرهەنگەکان**

دەکرێت ئەو فەرهەنگانە بۆ ئەم بەش و جۆرانە پۆلێن بکرێن؛

* **گشتی؛** ئەگەر وەک رێژە سەیری فەرهەنگەکان بکەین، زۆربەیان دەچنە خانەی فەرهەنگی گشتییەوە، واتە وشە و زاراوەی زۆربەی هەرەزۆری بوارەکانی ژیانی تێدا کۆکراوەتەوە، دەکرێ ئاماژە بەم دوو فەرهەنگە بدەین. ( رێبوار رەشید داودی- وەرگێر، فەرهەنگی سویدی- کوردی( کوردی خواروو)، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٧، ١١٨٤ لاپەڕە، لەگەڵ ٦٥ لاپەڕە لە وێنە و نەخشە. مەحموود لەوەندی، مستەفا ئایدۆگان، ڤیلدان تارینکولو-وەرگێڕان، فەرهەنگا سویدی- کوردی(کوردی سەروو)، سوید٢٠٠٧.

* **وێنەدار؛** لە فەرهەنگدا لە کاتی پێویستدا لەگەڵ وشەکاندا یاخود لە دواوەی کتێبەکەدا وێنەی مەبەستدار دادەندرێت، هەروەها جۆرێک لە فەرهەنگ هەیە وێنەدارە و لەگەڵ هەر وشە و زاراوەیەکدا وێنەش داندراوە، ئەو دوو جۆرە فەرهەنگە نموونەیان لە ژیانی فەرهەنگنووسی کوردی لە سوید دێتەبەرچاوە، وەک نموونە:( رێبوار رەشید داودی- وەرگێر، فەرهەنگی سویدی- کوردی(کوردی خواروو)، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٧، ١١٨٤ لاپەڕە. لەگەڵ ٦٦ لاپەڕە لە وێنە و نەخشە. مەحموود لەوەندی، مستەفا ئایدۆگان، ڤیلدان تارینکولو- وەرگێڕان، فەرهەنگا سویدی- کوردی، کوردی سەروو، سوید٢٠٠٧. فەرهەنگی وێنەیی دوو زمانی گیانەوەران بۆ منداڵان).

* **قوتابخانە؛** یەکێک لە جۆرەکانی فەرهەنگ لە تەواوی جیهاندا فەرهەنگی بواری خوێندن و پەروەردەیە بە تایبەتیش قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی و هەروەها خوێندنی خێرا. ئەوەندەی بۆم ساغ بۆتەوە لە سوید، لە بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا یەکەمین بەرهەم بریتی بووە لە فەرهەنگێکی بواری خوێندنی خێرا، فەرهەنگێکە بۆ هەردوو کتێبی فێربوونی زمانی سویدی لە قۆناغی خوێندنی خێرا، (مۆل١) و (مۆل٢). ئەمەش ناونیشانی کتێبەکەیە: (سەلام عەبدوڵڵا، فەرهەنگۆکی سویدی- کوردی، سوید ١٩٨٥). هەروەها فەرهەنگەکانی تریش بەدەرنین بۆ بواری قوتابخانە بە تایبەتیش بۆ هاووڵاتای پەیڤان.

* **پزیشکی و نەخۆشی؛** لە جیهانی پێشکەوتوودا تایبەتمەندی لە بواری فەرهەنگدا بۆتە دیاردەیەکی باو، بە تایبەتیش بۆ بوارەکانی پزیشکی و زانست بە گشتی و هەروەها بۆ دنیای پێشکەوتووی تەکنۆلۆجیا، ئەوەندەی زانیاریم هەبێت کورد لە سوید تا ئێستا خاوەنی دوو فەرهەنگی پزیشکییە کە ئەمانەن: (مژدە خەلیل رەشید، فەرهەنگی پزیشکی سویدی- کوردی، سوید ١٩٩٧. عەلی لەبریز و حەسیب رۆژبەیانی، فەرهەنگی پزیشکی سویدی- کوردی، سوید١٩٩٩)

* **پەند و قسەی نەستەق؛** کورد نەتەوەیەکی دەوڵەمەندە بە فۆلکلۆر بە هەموو چەشن و جۆرەکانییەوە، بە تایبەتیش لە بواری پەند و قسەی نەستەقدا. فەرهەنگێک لە سوید دەرچووە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تایبەتە بە پەندی کوردی فەیلی و پەندەکان یان لە سویدیدا بەرامبەریان دۆزراوەتەوە، یاخود دەقی پەندەکە بۆ سەر زمانی سویدی وەرگێڕدراوە، ئەمەش کتێبەکەیە: (سەیوان کەمبەر، پەندی کوردی فەیلی، وەرگێڕانی بۆ سویدی لەسەر شێوەی فەرهەنگ ڕێکخراوە).

* **قانوونی( یاسایی)؛** کۆچبەر و پەنابەر لە وڵاتی تازەدا هەر زوو ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕێنمایی و یاسا و بڕیار دەبێتەوە، پێویستە هەم فێریان ببێت، هەم خۆی بگونجێنێت، ئینجا لەو حاڵەتەدا وەک تێگەیشتن و لێحاڵیبوونێکی سەرەتایی پێویستی بە فەرهەنگی یاسا و ڕێنماییەکان هەیە، لە لیستی فەرهەنگنووسی کوردیدا لە سوید، ئەو بوارەش فەرامۆش نەکراوە، ئەوەندەی بزانم لەم بوارەدا تا ئێستا دوو فەرهەنگ چاپکراون، ئەمە یەکێکیانە:(ئاسی ڕەباتی، لیستەواژەی قانونیی سوێدی- کوردی، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٦)

* **وەرگێڕ؛** ئێستا لە سوید چەندان کۆمپانیای گەورەی وەرگێڕان هەن، کە ژمارەیەک وەرگێڕ کاریان لەگەڵدا دەکەن، هەر شوێنێک پێویستی بە وەرگێڕ هەبێت ئەو کۆمپانیایانە وەرگێڕیان بۆ دەنێرن، بە تایبەتیش ئەوەی زۆر پەیوەندی بە کاری ڕۆژانەی وەرگێڕانەوە هەیە، نەخۆشخانە، دادگا، فەرمانگەی کۆچبەرانن. لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا چەندان وەرگێڕی کورد کاریان لەگەڵدا دەکەن، هەندێک لەو وەرگێڕانە پێویستیان بە فەرهەنگە، کاتی خۆی زیاتر فەرهەنگی عەرەبی، فارسی، تورکیان بەکاردەهێنا لە حاڵێکدا ئەگەر کێشەیان  لە زاراوەدا هەبووایە، بەڵام لە سوید دوو فەرهەنگی تایبەت بە بواری وەرگێڕان  بڵاوبۆتەوە، ئەمە یەکێکیانە؛ (فەرهەنگی سویدی- کوردی بۆ وەرگێڕەکان ( موتەرجیم)، سوید ٢٠١١).

* **منداڵان؛** سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی سەرتۆپە لە گرنگیدان بە پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی منداڵان، ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ ئەو بوارە تەرخان دەکات، نووسەر و وەرگێڕی کوردیش سوودیان لەو پارەیە وەرگرتووە، ڕێژەیەکی زۆر لە کتێبی تایبەت بە منداڵانیان چاپ کردووە، هەروەها لە بواری فەرهەنگیشدا بەرهەمیان پێشکەشکردووە، بۆ نموونە ئەمە نموونەیەکە:(هاتجە پۆلات، گوتنێن من ئێن پێشین، فەرهەنگا بچووکان).

* **بازاڕی کار؛** یەکێک لەو کێشانەی هەر لە سەرەتادا ڕووبەڕووی تاکی کۆچبەر و پەنابەر دەبێتەوە، کارو بەرهەمە، ئەمەش پێویستی بە زانینی زمان و تێکەڵاوبوونە لەگەڵ کۆمەڵگا تازەکاندا، واتە ئەو شوێنەی کۆچی بۆ کردووە! نووسەر و پسپۆڕانی کورد لە سوید هەر زوو دەرکیان بەو کێشەیە کردووە، هەر بۆیە کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تایبەت بە بازاڕی کاریان کۆکردۆتەوە و وشە و زاراوەکانیان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە شێوەی فەرهەنگدا چاپیان کردووە؛( فەرهەنگی بازاڕی کار، سویدی- کوردی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرچاوەی فەرهەنگەکان**

بۆ نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕانی فەرهەنگە کوردییەکان لە وڵاتی سوید بە دوو شێوە بەرهەمەکان جێ بە جێ کراون، هەیە بەسوود وەرگرتن لە چەندان سەرچاوەی جیاواز ئامادەکراون، بەڵام فەرهەنگەکانی تر راستەوخۆ لە زمانی سویدی وەرگێڕدراون، بە تایبەتیش لێکسینەکان کە لەیەن خەڵکی پسپۆر و ئاکادیمیای سویدی داندراون و وەک مەنهەج چاوی لێدەکرێت و ناسێنراون، کە بۆ چەندان زمانی تر وەرگێڕدراون. ئەمانە بەشێکن لەو سەرچاوانەی کە فەرهەنگنووسانی کورد لە سوید سوودی لێیان بینیووە:
Modern svensk englisk ordbok, Stora synonmoderboken, English Persian Dictionary, Svenska Akademiens Ordlista, Stora svensk- persiska Svendska arabisk ordlista, ordboken.
هەروەها ئەم فەرهەنگانەش وەک سەرچاوە بەکارهێنراون؛ فەرهەنگی خاڵ سێ بەرگ. مورد قاموس انگليزي- عربي، منير البعلبكي، طبعة ١٩٨٣. فرهنگ عميد، چاپ١٣٥٩( ١٩٧٩). فەرهەنگی رابەر، گیوموکریانی. پەروەردە و زانست (گۆڤار)، فەرهەنگی زاراوەکانی قوتابخانە، ژمارە ١٤، هاوینی ١٩٧٨.

**کۆمەکی دەوڵەت**

هەر تەنیا بۆ زانیاری لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٩٧ حکومەتی سویدی ٣٠٠٠٠٤٣ کرۆنی بەو نووسەرو ئەدیبە کوردانە داوە کە بە پیتی لاتینی دەنووسن. هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٧ بۆ ئەو نووسەرو ئەدیبە کوردانەی کە بە پیتی نزیک لە پیتی بەکارهاتووی عەرەبی دەنووسن ١٢١٠٣٠٠ کرۆن کۆمەکی کردوون. لە ئاماژەدان بەم ژمارانەدا مەبەستمە بڵێم حکومەتێک کۆمەکت پێدەکات، کە هیچ بەرژەوەندییێکی لەگەڵ نیشتمانەکەتدا نیە، ئەو تەنیا وەک کەسێکی وڵاتەکەی خۆی مامەڵەت لەگەڵ دەکات، ئەو کۆمەکە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.
بۆ قامووسەکانیش بەم دوو شێوەیە کۆمەککراون، چاپکراوەکان لە رێگای چەندان کەناڵ کڕاوەتەوە، بە تایبەتیش بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە فەرمییەکان، لە هەر کتێبێک بە تایبەتیش فەرهەنگ، چەندان دانەیان کڕیوە و بەسەر کتێبخانەکانی وڵاتدا دابەشی کردووە. خاوەنی یەکێک لە خاوەنی فەرهەنگێکی کوردی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارێکی دامەوە:( وەبیرم دێ لە kungliga Biblioteket– کتێبخانەی پاشایەتی- بە فەرمی داوای فەرهەنگەکەیان لێکردم و منیش بۆ شەش کتێبخانەی ئەکادیمیم نارد ، بەڵام ئەوان مەبەستیان بۆ ئارشیف بوو Biblioteks tjänst فەرمانگەی کتێبخانەکان- دووسەد دانەیان لێکڕیم بۆ کتێبخانەکان(سەلاح رێبوار، چاوپێکەوتن، ٢٠١٨/٢/٥)، هەروەها فەرهەنگ هەیە، لە لایەن دەوڵەتی سویدەوە پارەیەکی زۆر باشی بۆ تەرخانکراوە، بۆ نموونە فەرهەنگێکی وەک؛" فەرهەنگی سوێدی- کوردی (کوردی خواروو)، هەروەها هەمان فەرهەنگ بە پیتی لاتینیش، فەرهەنگی سوێدی- کوردی ( کوردی باکوور) " ساڵی ٢٠٠٧ هەردووکیان چاپ و بڵاوکراونەتەوە، ئەم دوو کتێبە لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

یەک سەرچاوە وەرگیراون کە بریتییە لە Lexin Spraklexin for invandrar واتە فەرهەنگی زمان بۆ پەنابەران، کە بۆ زمانی زۆربەی هەرەزۆری ئەو نەتەوانە وەرگێڕدراوە کە لە سوید دەژین، وەرگێرانە کوردییەکە بە هەردوو دیالێکت و بە دوو ئەلفابێی جیاواز چاپکراوە، پارەی هەردووکیان لە لایەن فەرمانگەی پەرەپێدانی خوێندنگاکان دابینکراوە، کە بۆ هەر کتێبێکیان زیاتر لە سی هەزار دۆلار تەرخانکراوە.

تا ئێستاش کۆچی کورد بۆ وڵاتی سوید بەردەوامە و ژمارەی کورد بەردەوام زیاد دەکات، بەهۆی زۆری ژمارەی کورد لە وڵاتی سوید، بازاڕی فەرهەنگەکانی بە هەرمێن کردووە، زۆربەی فەرهەنگەکان چەند جارێک چاپکراونەتەوە، ئەوانەی چاپ نەکراونەتەوە دانەیان لە بازاڕ نەماوە.

ئەمەو پێویستە ئاماژەش بەوە بدرێت، سەرەڕای ئەو فەرهەنگانەی لە پێشەوە ئاماژەم پێداون، تا ئێستا هەوڵ هەیە و بەردەوامە بۆ کارکردن لە فەرهەنگی نوێدا، نووسەرێک بۆی نووسیوم: " ئێستا کار بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگیک دەکەم تایبەت بە ئەو وشانەی لە فەرهەنگە سوێدی-کوردییەکانی تردا نین- سیروان کاروانی، چاوپێکەوتن، رۆژی ٢٠١٨/٢/٨"


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام و ڕاسپاردە

کۆچکردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لەگەڵ سەرەتاکانی مرۆڤایەتیدا هەبووە، بەڵام بە گوێرەی ڕۆژگار و پێشکەوتنەکان گۆڕانکاریی بەسەر شێوەی کۆچکردندا هاتووە، کوردیش هەر زوو ئاشنابووە بە کۆچکردن و ژیانی پەنابەریی.
ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە جەنگ، سیاسەتی نائینسانی، عەقڵی داگیرکاریی و سڕینەوەی بەرامبەریان پێڕەو کردووە،ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ کۆچی کورد لە نیشتمانی خۆی بۆ نیشتمانێکی تر.
نزیکەی سەد ساڵ دەبێت، بۆ یەکەمینجار سوید ئاشنا بووە بە کورد، چونکە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو چەند خوێندکارێک بە بەمەبەستی خوێندن روویان لەو وڵاتە کردووە، ئەمە لە حاڵەت بۆتە دیاردە، بە تایبەتیش دوای شکستی خەباتی چەکداری لە کوردستانی باشوور ساڵی ١٩٧٥و کودەتای میلیتاریی لە کوردستانی باکوور لە ساڵی ١٩٨٠دا. ئەو کۆچکردنە بۆ وڵاتی سوید بەردەوام بووە و تا ئەمڕۆش دەگات نەبڕاوەتەوە، سەرچاوە نا فەرمییەکان ئاماژە بەوە دەدەن ئێستا نزیکەی ١٠٠ هەزار کورد لە سوید دەژین.
بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی کورد و خەباتەکەی، هەر لە ناوەڕاستی شەستەکانی ڕابردووەوە، پەنابەریی کورد لە سوید گرنگی بە بواری چاپەمەنی داوە، لەو بوارەدا خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لە بواری ڕۆژنامەگەریی و چاپکردنی کتێبدا.
ژمارەی زۆری کورد لە سوید و بە سوود وەرگرتن لەو کۆمەکە داراییانەی کە وڵاتەکە بۆ بواری کولتوریی تەرخانی کردووە، گرنگی بە ئامادەکردن یاخود وەرگێڕانی فەرهەنگی زمانیش داوە، هەروەها خودی وڵاتەکەش بە گوێرەی پلانێک چەند فەرهەنگێکی بۆ پەنابەران داناوە و بۆ زۆربەی هەرە زۆری زمانی ئەو نەتەوانە وەرگێڕدراون کە لە سوید دەژین. ئەوەندەی زانیاریم کۆکردۆتەوە تا ئێستا زیاتر لە بیست فەرهەنگی جیاواز بە زمانی سویدی – کوردی، یاخود کوردی- سویدی لە وڵاتەکە چاپکراون. فەرهەنگەکان بەسەر ئەم بوارانەدا دابەشکراوە؛ گشتی، تایبەتمەندیی، منداڵان، بۆ کەسی وەرگێڕ " موتەرجم"، پزیشکی و خوێندگەیی. یەکەمین فەرهەنگی کوردی ساڵی ١٩٨٥ چاپکراوە و ئەم پڕۆسەیەش تا ئێستا بەردەوامە.
لە کۆتایدا پێشنیارێک دەخەمە بەردەم لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەوڵبدەن چەند دانەیەک لەو فەرهەنگانە بکڕن، وەک بەشێک لە مێژووی فەرهەنگنووسی کوردی لە کتێبخانەی شار و زانکۆکان بیانپارێزن.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

**کتێب بە زمانی کوردی؛**


- دەربارەی سوید، شاری یۆتۆبۆری ئامادەی کردووە، هەر لە شاری یۆتۆبۆری ساڵی ٢٠١٥
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، دەنگدان لە دەرەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژنیەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر ٢٠١٥
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا ١٩٤٩-١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری کۆردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨

Dîroka Kurdistanê di çapemeniya swêdî de, Stockholm(Apec, 2016)-


**کتێب بە زمانی عەرەبی؛**


١- شيخ علي، اضواء على الحركة الطلابية الكردية في الخارج، من منشورات جمعية الطلبة الاكراد في اوروبا، بلا، پراک، ١٩٨٦

٢- علي جعفر، كورد المهجر؛ جمعية الطلبة الكورد في اوربا، الجزء الاول، منشورات دار خاني للنشر و التوزيع، ..... ٢٠١٦


**کتێب بە زمانی ئینگلیزی؛**


Omar Sheikmous, Folkreligiositet flyktingskap anpassning, Ceifo, Stockholm, 1994


**کتێب بە زمانی سویدی؛**


Rohat alakom, Kurderna- Fyrtio år i Sverige ,Serkland-2007

Sverige Riksdag, Sverige grundlagar och riksdagsordningen, Stockholm 2015


**ئینتەرنێت**


/http://lexin.nada.kth.se/lexin

http://www.scb.se

wikipedia.org/wiki/History_of_Sweden


**رۆژنامە**


نەوزاد عەلی ئەحمەد، کەشکۆلێک بۆ کورد، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژی ٢٠٠٧/٩/١٢



p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

کورد لە سوید زمانی دایکی فێر دەبێت.. رۆژنامەی داگیسنیهێتەری سویدی رۆژی ١٩٧١/٨/٢٨ کە لەگەڵ هەواڵەکەدا وێنەیەکی کامەران بەدرخان لە کاتی وانە وتنەوە بە خوێندکارانی کورد بڵاوکراوەتەوە.

کورد داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە تەدەخول بکات بۆ وەستانی جەنگی گاز.. رۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت،رۆژی ١٩٦٦/٥/٢٨ کە لەگەڵ هەواڵەکەدا وێنەی عیسمەت شەریف وانلیو مارتا هانسۆن ژنە سویدی داکۆکیکەر لە کێشەی کورد بڵاوکراوەتەوە.

**چاوپێکەوتن؛**

سەلاح رێبوار، چاوپێکەوتن، لەرێگای فەیسبووک، رۆژی ٢٠١٨/٢/٧

سیروان کاروانی، چاوپێکەوتن لە رێگای فەیسبووک، رۆژی ٢٠١٨/٢/٨

# تاريخ الكتابة المعجمية الكردية في السويد
# الهدف، المصدر، النوع، الدعم

## نتائج وتوصيات

الهجرة، ظاهرة اجتماعية ظهرت مع أول ظهور للبشرية على وجه الأرض. لكن أساليب الهجرة تغيرت بحسب الظروف والمتغيرات والتطورات الاجتماعية الحاصلة.

برزت ظاهرة الهجرة واللجوء بشكل مبكر عند الشعب الكردي. فالدول التي اقتسمت أرض كردستان، اتبعوا سياسة لا انسانية واقصائية وتعاملت مع الكرد بعقلية المحتل والغاصب، وكانت هذه السياسة احدى الاسباب التي أدت الى هجرة الكرد من وطنهم الى بلاد أخرى.

تعود معرفة الكُرد بدولة السويد الى قرابة المائة سنة، لان بعض الطلبة الكرد في بدايات القرن المنصرم هاجروا اليها بقصد الدراسة، وتحولت الى ظاهرة فيما بعد، وخاصة بعد انهيار الثورة الكردية المسلحة في جنوب كردستان سنة ١٩٧٥ والانقلاب العسكري في شمالي كردستان سنة ١٩٨٠. واستمرت تلك الهجرة الى السويد حتى يومنا الحالي، وبحسب الاحصائيات الغير رسمية فان قرابة ١٠٠ الف كردي يعيشون في السويد.

بغرض تعريف المجتمع السويدي بنضال ورسالة الكرد، فان المهاجرين الكرد اهتموا بالمطبوعات والكتابة و لهم ارشيف غني وثر في مجال الصحافة وطباعة الكتب.

أغلب الكرد في السويد استفادوا من المساعدات التي كانت تقدمها السويد في المجال الثقافي، واهتموا باعداد أو ترجمة القواميس اللغوية، كذلك الدولة المضيفة وبحسب خطة معدّة من قبلها قامت باعداد عدة قواميس للاجئين بلغات اللاجئين الذين لجؤوا اليها. والمعلومات التي حصلت عليها فانه تم اعداد وطباعة اكثر من عشرين قاموساً، سويدي- كردي، او كردي- سويدي.

تلك القواميس موزعة على المجالات التالية، خاصة بالاطفال، عامة، خاصة، للمترجمين، للطبابة والدراسة. وأول قاموس تم طباعته سنة ١٩٨٥ وحتى الآن هذا المشروع مستمر.

وفي الخاتمة، فاني اضع اقتراح امام الجهات ذات الصلة في اقليم كردستان وخاصة وزارة الثقافة والشباب ووزارة التعليم التعليم العالي والبحث العلمي ان يقوموا بشراء عدة نسخ من تلك القواميس وان يحافظوا عليها في مكتبات المدن والجامعات كقسم من تاريخ الكتابة المعجمية الكردية.


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

# History of writing the Kurdish dictionary in Sweden

## Conclusions and recommendations

Migration from one country to another is a social phenomenon that has existed long ago, but this phenomenon has changed over time and due to the changes, that have taken place in the way people migrate to other countries. The emigration of Kurds to Sweden began about 100 years ago, when a group of students emigrated to complete their studies. Thus, Migration gradually turned into a phenomenon, especially after putting down the armed struggle in South Kurdistan in 1975 and the military coup in the northern part From Kurdistan in 1980. The Kurds continued to migrate to Sweden to this day. Some non-official sources indicate that the number of Kurds living in Sweden today is 100,000. To convey the message of the Kurds and let others be aware of their struggle, Kurdish refugees in Sweden, and since the mid-1960s, have paid much attention to printing, including printing books and newspapers, of which they have many. It is worth mentioning that Kurdish refugees benefited much from the support provided to them by the Swedish government in the field of culture. It is worth mentioning that Kurdish refugees benefited greatly from the support provided by the Swedish government in the field of culture. Thus, they could prepare and translate some of the Language dictionaries. The Swedish government, itself, according to a precise plan, has also prepared and translated some dictionaries for refugees of different nationalities. According to the information I got on this topic, about 20 Swedish-Kurdish or Kurdish-Swedish Dictionaries have been printed in Sweden. These include the general and private dictionaries, the children's dictionary and some dictionaries for translators, medical and study fields. The first Kurdish dictionary printed in Sweden was in 1985 and the process has been going on so far. Finally, I propose to the authorities in Kurdistan region, especially the Ministry of Culture and Youth and the Ministry of Higher Education and Scientific Research, to purchase a collection of these dictionaries and keep them as part of the history of the Kurdish dictionary.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)